# تۆ ..کە دەستم لە خۆم پێ دەشۆی !!

ڕێباز مەحمود-هۆڵەند

دەمەوێت بە شێنەیی خۆم لە خۆم بدزمەوە و
بە ناو تەم و مژەکانی تۆدا بکەومە ڕێ
کە لە دورەوە  بەسەر دورگەیەکی سیحراویدا پەخش بۆتەوە ..
بۆ خۆ شاردنەوەشم لە پیری ،
بەر لەوەی هەڵمێکی تەڕ لە ڕووی ئاوێنەکەم بنیشێ
بۆ دوا جار ئاراستەکەی دەگۆڕم
لە روو بەڕووی تاڵە سپیەکانی سەرمەوە
بەرەو ڕووی بێ ئۆقرەییم ..
لە روو بەڕووی ماتیەکانی دڵمەوە ،
بەرەو ڕووی سەرکێشیەکانی ڕۆحم ..
هیچ قسەیەکیشم نیە بۆ سەرسامیت ،
هێندە نەبێ ناو نیشانێکی ئەدەمێ
بڕوات لە ئاماری مردنەکانا
لە تەنیشت خەونە کوژراوەکانی خۆتا بمدۆزیتەوە ...
حەز دەکەم بڕوات گیانەڵای تەیرێکی باڵ شکاو
لە ناو گریانی فلوتێکا
بخوێنیتەوە ..
بە بێ مەیلی هەورازێکەوە
لە دوا زەردەخەنەی فرینێک بڕوانێت
کە دەست لە سنگ فراوانی ئاسمان دەشوا ..
نامەوێت هیچ شتێک بکەم بە کۆڵ بەسەر خۆمەوە
دەست لە هەموو ڕژانێکی تا ئێستای خۆم دەشۆم و
بە شێنەیی دەکەومە ڕێ
تەنانەت بە دزی جەستەشمەوە ..
حاشا لەو پێکەنینانەی  بۆ ئەتک هاتن و
خۆیان لەو دیو فاریزەکانی هەنیسکمەوە
قوت کردەوە ..
حاشا لەو ڕۆژانەی بە زمان لوسی خۆیانەوە
هاتنە بن کلێشەی خۆشخەیاڵیم و
لە ماڵە دوو ژوورو یەک هەیوانیەکەی خەمەوە
بە ئاراستەی خۆشبەختیدا ،
بۆ ناو شوقە بەرزەکانی کارەساتیان هێنام ..
حاشا لەو پێشوازیە گەرمەی

لە کۆڵانە پڕ یاریەکانی منالێیما
کڵاوی ئومێدی لەسەر نام و
ووتی گەنجینەکەی تۆم لای پاشەڕۆژ دیوە !
ئیدی پەلی گرتم و
بۆ ناو ئەم زەمانە سارد و سڕەی هێنام ...
نا .. تازە من دەزانم
گەورە بوون تەنیا بە ئەفسانە کردنی منالی بوو .. هیچی تر !
سەفەر بە ئەفسانە کردنی نیشتمان و
من بە ئەفسانە کردنی ژیان و
تۆ بە ئەفسانە کردنی من ..
بۆیەش تەنیا بە ڕوحێکی سوکەڵەوە
لە خۆم ئەترازێم و
هەرگیز خۆم لە قەرەی خۆم نادەم ..
تۆ لەوێیت و
شەرابەکانم بە سکوتی کوشندەی کەونا دەڕێژی و
لە بورکانی لێوەکانت پێکەکانی خەیامی میواندارێتیم
لێگا لێگا بۆ پڕ دەکەی لە ماچی ئاگرین ،
بەڵام خۆت نە لە ئێستاو نە لە داهاتووی ئەم نزا وێڵەم
ئاشکرا ناکەی ...
بەڵام من بە لەمسی پەلکەزێڕینەکانتا دێمە خەیاڵتەوە ..
هیچت لێ ناخوازم هێندە نەبێ سەرگەردان سەرگەردان لە قوڵاییەکانتا
ڕوخسەتم بدە بێم و بسوڕێمەوە ..
هیچت لێ نابەم هێندە نەبێ دەخوازم بە ڕێگا دورەکانما بێیت و
لە سەفەرێکی بێ کۆتاییدا بیت..
لە دونیات ناشارمەوە ..
ئاکامی شەڕەکانت هەرچی بن ،
ئۆبالی مەخەرە ئەستۆی دوودلێیت
بەڵام بتوانە لە ناو ژووری ڤانگ دراوی مەینەتباریدا ،
هەناسەکانم هەڵمژێت ..
بهێڵە جۆگەلەی چرپەکانت بە لێوەکانتا
کە شوێن نزرگەی ئەهلی بزە و مەغزان
هەمیشە بە ڕێوە بێ ،
تا تینوێتیم لە ناویا نوقوم بێ ..
هەموو سەفەری درێژی منیش بە تۆدا
کە هێندەی عومری نوحە
ئەو ساتانەیە

**که تۆ تیایاندا دانیشتوی ، بە پێوەی ، بە ڕێوەی**
**یان ڕووت و قووت**
**لە ناو شیعرێکا ڕاکشاوی ..**
**بەڵام خەیاڵت بۆ لایەکی تری چارەنوست دەڕوا و**
**کلوو کلوو بەفر بەسەریا دەبارێ !**
**لەوێ هەڵم دەگریتەوە و**
**وێڵیم لە ڕۆحتا دەشیعرێنی ...**
**هەر جارێکیش کە بێ ڕەنگیم ببینی**
**ڕەنگە دەست بکەی بە ناو جانتاکەتدا و**
**بە قەڵەمی ماکیاجەکەت ،**
**کە هەمیشە ڕوخساری وەرزەکانی پێ ئارایش دەکەی**
**بۆ یادگاری ،**
**فڵچەیەک بە ڕوومەتی گرینۆکیما بهێنی ..!!**